ناز خەیرەدین راهێنەری لەشرێکی:

# بەهۆی نەبوونی زانیاری و سەپاندنی بیرۆکە کۆنەکان رۆشنبیریی وەرزشی ئافرەتان زۆر لاوازە



**یارییەکانی لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیك و هێزی لەش لە کوردستان لە ئایندەیەکی نزیك شوێن بە یارییەکانی دیکەی وەرزشی لەق دەکات، بەهۆی ئەوەی کە لە ئێستادا زۆربەی ئافرەتانی شارەکانی کوردستان روویان لە هۆڵەکانی وەرزشی کردووە بۆ مەبەستی لەشرێکی و هێزی لەش و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشییەکانی قەڵەوی،لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانیش رۆژ لە دوای رۆژ کردنەوەی هۆڵی خانمان لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران روو لەم وەرزشە دەکەن، یەکێك لە راهێنەرە لاوەکانیش لە قەزای کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر ناز خەیرەدین-ە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی قەزای کۆیە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، ئێمەش سەبارەت بەم وەرزشە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** هاتنت بۆ ناو ئەم وەرزشە چۆن بوو؟**

-وەرزشکردن یەکێك بوو لە حەزەکانم ئەوەش وای کرد کە ئەو بەشە هەڵبژێرم.

*** بۆ خانمان ئەم وەرزشە تا رادەیەك قورس نییە؟**

-قورسە و ئەگەر لە دڵەوە کاری بۆ بکەی، بە زەحمەتی زۆردا دەڕۆی، وەکو زۆرێك لە خەڵکی بە ئاسانی دەیبینن، وا نییە، ناوەڕۆکەکەی زۆر قووڵە .

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا دەکەی هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی، لە کامەی سەرکەوتووتری؟**

-من هەردوو وەرزشەکە دەکەم (هەڵگرتنی قورسایی و لەشرێکی)، بەڵام لە لەشرێکی سەرکەوتووترم.

***پێشوازیکردنی ئافرەتان لەم یارییە لە چ ئاستێکدایە؟**

-من وەکو راهێنەرێك ئەگەر باسی کۆیە بکەم، زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمساڵ زۆر زیاتر لە پارساڵ کچان گرنگیی پێ دەدەن.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی یاریکردنی ئافرەتان لە کوردستان باشە، بەڵگەش زۆریی هۆڵەکانە کە دەکرێتەوە و خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکەن.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-بۆ ئەوەی ئاستی ئافرەتان بەرەوپێشەوە بچێت، وا باشترە لە کەناڵەکان زیاتر باس بکرێت، بەرنامەی تایبەتی بۆ دابنێن، وەك چۆن ئەو هەموو بەرنامەی خواردن دروستکردنە هەیە لە تیڤییەکان، کە زۆرینەی تەندروستی خەڵك بەرەو رووخان دەبات، ئەوکات ئاستی سەقافەتی ئافرەتان بەرزتر دەبێتەوە.

***وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-دەمەوێت زانیاریی زیاتر کۆبکەمەوە و بەو ئاستەی کە نایابم، بتوانم خزمەتێکی زیاتر بە خانمان بکەم.

***بەنیازی لە چەند پاڵەوانیەتییەك بەشداری بکەیت، چاوت لە چییە؟**

-بەنیاز بووم لە هێزی لەش بەشداری بکەم، بەڵام بەداخەوە لە کۆیە یاریزانمان نییە، پەنا بەخوا لە داهاتوو لە بەرنامەمدا هەیە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

-بەگشتی بەهۆی نەبوونی زانیاری و دووبارەکردنەوەی هەڵە و سەپاندنی بیرۆکە کۆنەکان ئاستی رۆشنبیریی ئافرەتان بۆ وەرزش زۆر لاوازە.

***وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە بە بەرنامەیەك کە پاپەندبن پێوەی، هەموو ئافرەتێك بگات بەو لەش و لارەی کە خۆی مەبەستیەتی.

***وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە شارەکەتان دابمەزرێنی؟**

- بەنیازی ئەوەم تیپێکی هێزی لەش دروست بکەم لە شاری کۆیە.

***بۆ ئەم وەرزشە کێ هاوکاریت دەکات؟**

-سوپاس بۆ خانەوادەکەم کە هەمووی هاوکارم بوون لەگەڵ هاورێکانم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم، هیوادارم هەموو راهێنەرێك تەنیا بۆ پارە ئیش نەکات، هەوڵبدەن جێ پەنجەیان دیار بێت، پەرە بە خۆیان بدەن و باشتر بن، بەردەوام زانیاریی تازە و دروست کۆبکەنەوە.

# زاخۆ راهێنەری خولی عێراقی گۆڕی



ئەمساڵ جیاواز لە ساڵەکانی دیکە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی زاخۆ ئامانجی ئەوە بوو، کە بتوانێ ئاست و ئەنجامی باشی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی هەبێت، بۆیە کارگێڕیی یانەکە جگە لە هێنانی راهێنەری لیبی (عەبدول حەفیز ئاربیش) بۆ سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە و، هێنانی ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانا لە یانەکانی دیکەی عێراقی، لە سێ یاریی رابردوودا یانەکە لە خولی عێراق نەیتوانی هیچ خاڵێك بەدەست بهێنێت و سێ شکستی لەسەر یەکی تام کرد، ئەنجامەکانیش نە بەدڵی هاندەران بوون، نە بەدڵی کارگێڕیی یانەکە، بۆیە کاربەدەستانی یانەی وەرزشیی زاخۆ بەفەرمی دوورخستنەوەی راهێنەری (لیبی)یان ئاشکرا کرد و لە شوێنی ئەویش عەلی هادی راهێنەری دیاری عێراقیان وەکو سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی خولی عێراقی بۆ یانەکەیان دیاری کرد، یانەی زاخۆ لەم خولە گەورەی عێراق ئەمساڵ نوێنەری یانەکانی بادینانە و، دەیانەوێ بە زوویی چارەسەری گرفتەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە خولی عێراقی یانەکە ببەنە قۆناخێکی باشتر، چونکە یانەکە ئێستا خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی دەرەوەی شارەکەیە و دەیەوێ بەم یاریزانانە زاخۆ بکاتە یەکەمی عێراق و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت، کارگێڕیی یانەی زاخۆش وەرزی رابردوو هەوڵی زۆری دا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێ، بەڵام تەنیا پلێتی مانەوەیان لە خولەکە پێ بڕا، بۆیە ئەم وەرزە لە سەرەتای دەستپێکی خولەکەوە یانەی زاخۆ دەیەوێت لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ژمارەیەکی قورس بێت و زاخۆ بتوانێ لە خولە گەورەکەی عێراق ناوێکی گەورە بێت.



## هاوڕێ جەلال

# لەگەڵ پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوام دەبێ

بۆ دەستپێکی وەرزی نوێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە وا بڕیارە لە ٢٤ی ئەم مانگە یارییەکانی بە بەشداریی ١٣ یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێ بکات، یانەکانی کوردستان کەوتوونەتە خۆیان بۆ بەهێزکردنی خۆیان لە خولەکە و شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، پێشمەرگەی سلێمانی هەموو ساڵێك بەر لە یانەکانی دیکە ئامادەکاریی پێویستی کردوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاست و ئەنجامی گەورە لە خولەکەدا دەربکەوێت، بۆ ئەمساڵیش بە فەرمی گرێبەستی هاوڕێ جەلال بەرگریکاری یانەکەی نوێ کردۆتەوە، لەم بارەیەشەوە هاوڕێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵیش بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی نوێ کردەوە، ئامانجم ئەوەیە لەگەڵ ئەو یانەیە بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، چونکە یانەی پێشمەرگە وەرزی رابردووش تیپێکی باش و بەهێزی هەبووە، ئامانجیشمان ئەوەیە لەگەڵ ئەو یانەیە ببینە پاڵەوانی کوردستان، بۆیە ئامادەکارییەکانمان زۆر باشە و چاومان لە ئەنجامی گەورەیە»، لە بارەی بوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: «لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان لەلایەن چەند یانەیەکەوە گرێبەستم پێشکەش کرابوو، بەڵام بە هۆی خانەوادەکەمەوە وەڵامی هیچ یانەیەکم نەداوەتەوە، ئێستاش هەموو بیر و هۆشم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموومان تیپەکە بکەینە یەکەمی کوردستان و یانەکەش کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانە گەورەکانی کوردستان بکات، یانەکەش توانای ئەوەی هەیە، بۆیە سوپاس بۆ خوای گەورە لە یانەکە هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە و هەموومان بەیەکەوە دەمانەوێ کاری گەورە ئەنجام بدەین.»

## یانەی سۆران

# بە کۆمەڵێک گرفتەوە چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی سۆران کە ئەمساڵ وەکو نوێنەری هەرچوارقەزاکەی دەڤەری حەوزی سۆران بەشداری لە کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەکات، کە وا بڕیارە لە ٢٤ی ئەم مانگە یارییەکانی بە بەشداریی ١٣ یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێ بکات، یانەی سۆرانیش یەکەم یاریی خۆی لە سەر یاریگای خۆی و لە بەردەم هاندەرانی شارەکەی بەرامبەر یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی ئەنجام دەدات، کارگێڕیی یانەی سۆرانیش هەر چەندە ئەم وەرزە لە خولێکی گەورەی کوردستان بەشدارن، بەڵام گرفتە داراییەکانیان بەردەوامە و یانەکەش چەندین یاریزانی هێناوەتە ریزی تیپەکەی، لەم بارەشەوە فەرمان ئیسماعیل بەرپرسی دارایی و پەیوەندییەکانی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو تیپ لە یانەکە ئامادەکاریی تەواومان کردووە، رۆژانەش یەکە مەشقییەکانمان بە ئامادەبوونی ستافی راهێنەران و یاریزانان ئە نجا مدا و ە ، دەمانەوێ ئەمساڵ ئەسپی رەشی ئەو خولە بین، ئامانجمان ئەوەیە نوێنەری راستەقینەی هەر چوار قەزاکەی دەڤەری سۆران بین، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی توانای دارایی باشە، هیچ سەرچاوەیەکی دارایمان نییە، کەموکورتیی یەکجار زۆرمان هەیە، تەنیا یەك یاریزانی پیشەگەری ئێرانیمان هێناوە»، لەبارەی یاریگاشەوە فەرمان ئیسماعیل گوتی: «کێشەی یاریگامان چارەسەر بووە، بۆ دووەم یاری لەسەر یاریگای خۆمان یاری ئەنجام دەدەین، بەڵام بۆ مووچە و پێداویستی و گرێبەستی یاریزانان پێویستمان بە پارەیەکی زۆر هەیە، ئەوە کێشەیەکی سەرەکییە، ئەگەر وا بڕوات رەنگە چارەسەر نەبێ و لە سەرەتای خولەکە گرفتمان بۆ دروست ببێت و نەتوانین بەشداربین، هەوڵی زۆریشمان داوە لە هەموو لایەك بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکەین، لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردۆتەوە کە مانگانە پێویستمان بە هاوکاری هەیە، تا ئێستا هیچ کەس بەڵێنی هاوکاریی نەداوە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین بۆ خزمەتکردنی یانەکەمان.»





فۆتۆ: ئاراس بارتێز

# کچانی هەولێر بەشدارییان لە پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەبی بۆ تۆپی دەست کرد



هەفتەی رابردوو لە شاری عەممان پایتەختی ئوردن کۆتایی بەپاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب بۆ تۆپی دەست لەسەر ئاستی کچان هات، کە تیاییدا حەفت یانەی پاڵەوان بەشدارییان لەم پاڵەوانێتیە کرد و یارییەکان بەشێوازی خول بە یەک قۆناغ بەڕێوەچوو.
یانەی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد دوای ئەوەی توانی نازناوی خولی عێراق بەدەستبهێنێت.

ئا: رێبین رەمزی

لەم پاڵەوانێتیە هەریەکە لە یانەکانی (مجمع پترۆلی جەزائیری، عەممان ئوردنی، حەرسای ئوردنی، شورتەی سوری، نەبك سوری، درك جیبۆتی، هەولێر) بەشدارییان تیاییدا کردبوو و یانەی مجمع پترۆلی جەزائیری بووە پاڵەوانی خولەکە بەکۆکردنەوەی (١٢) خاڵ و یانەی حەرسای ئوردنی بەکۆکردنەوەی (١٠) بە پلەی دووەم هات و یانەی عەممانی ئوردنی بە کۆکردنەوەی (٨) خاڵ بەپلەی سێیەم و یانەی شورتەی سوریا بەکۆکردنەوەی (٦) خاڵ بەپلەی چوارەم و یانەی نەبك بەکۆکردنەوەی (٤) خاڵ بەپلەی پێنجەم و یانەی هەولێر بەکۆکردنەوەی (٢)خاڵ بەپلەی شەشەم و یانەی درك جیبۆتی بەبێ خاڵ بەپلەی حەفتەم هات.
ئەنجامی یارییەکانی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە بوو:

مجمع پترۆلی جەزائیر - هەولێر ٤٨-١٧ گۆڵ
عەممان ئوردن - هەولێر ٤١-٢٦گۆڵ
حەرسا ئوردن - هەولێر ٤٢-٢٥ گۆڵ
شورتە سوریا - هەولێر ٤٠-٢٢ گۆڵ
نەبك سوریا - هەولێر ٣٦-٢١ گۆڵ
هەولێر - درك جیبۆتی ٢٨-٢٠ گۆڵ.

لەم پاڵەوانێتیە کچە یاریزانی یانەی هەولێر شۆخان نورەدین بەتۆمارکردنی (٥٠) گۆڵ بووە گۆڵکار و باشترین یاریزانی خولەکە دەستنیشانکرا هەرچەندە یەکەم جارە بەشداری لەم پاڵەوانێتیەکی

دەرەوە بکات و توانی چەندین یاریزانی پیشەگەری جەزائیر و میسر و تونس بکەوێت و سەرنجی هەموو چاودێران بۆ لای خۆی رابکێشێت.

لە کۆتایی خولەکە ئەم کچە یاریزانە لە لایەن سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی عەرەب و وەزیر وەرزش و لاوانی عێراق خەڵاتکرا.

سەبارەت بە ئەنجامەکانی یانەی هەولێر بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێری یانە و سەرۆك شاند گوتی: ئەم کچە یاریزانانە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی خۆیاندا بەشداری لە پاڵەوانێتیەکی دەرەوە بکەن و هیچ ئەزموونێەکان نییە و هەروەها تیروپشکی پاڵەوانێتیەکە خزمەتی تیپەکەمانی نەکرد، چونکە سێ یاری یەکەم لەگەڵ پاڵەوان و خاوەن پلەی دووەم و سێیەمی پاڵەوانێتیەکە بوو.

ئەمەش کاریگەری دەروونی لەسەر یاریزانەکان دروستکردبوو و لە هەموو گرنکتر یانەکەمان تاکە یانەی بەشداربوو لەم پاڵەوانێتیە، کە هیچ یاریزانێکی پیشەگەری نەبوو و گشت یاریزانەکان خەڵکی شاری هەولێر بوون، بەپێچەوانەوە یانەکانی تر گرێبەستیان لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووبوو ئەمەش جیاوازی لە نێوان تیپەکەی ئێمە و یانەکانی تر دروستکردبوو.

لە کۆتایی قسەکانیدا بێجان ئیبراهیم گوتی: لەم پاڵەوانێتیە کچە یاریزانەکان ئەزموونێکی باشیان وەرگرت و سوودی هەبوو بۆیە پێویستە لە داهاتوو زیاتر بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانێتیان بکەین تاوەکو بتوانین ئاستی هونەری کچە یاریزانەکان زیاتر پێشبکەوێت و لە هەمووی گرنکتر ئەوەبوو، کە توانیمان ئەستێرەیەك بدۆزینەوە ئەوەیش یاریزان شۆخان نورەدین بوو، کە لە یەکەم پاڵەوانێتی دوو خەڵاتی گرنگی بەدەستهێنا ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی باش بۆ کچە یاریزانەکانی تر تا بتوانن ئەوانیش هاوشێوەی شۆخان دەستکەوتی باش بەدەستبهێنن.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتیە لە رووی ئامادەبوونی جەماوەر و رێکخستن سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا لە زۆربەی یارییەکان رێژەیەکی بەرچاوی هاندەران ئامادە دەبوون و هەروەها لە رووی راگەیاندن بەشێك لە یارییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە کەناڵەکان دەگوازرایەوە و لە هەر یارییەك خەڵاتی باشترین یاریزانی یارییەکە دابەشدەکرا و هەروەها یارییەکان لە لایەن ستافێکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بەرێوەدەبردرا.

